# ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە بەرپەرچدانەوەی بیدعەکاران

[ kurdish – کوردی – كردي ]

شێخ صاڵح ئەلفۆزان

وەرگێڕانی: ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ منهج أهل السنة والجماعة في الرد على أهل البدع ﴾

« باللغة الكردية »

الشيخ صالح الفوزان

ترجمة: إحسان برهان االدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە بەرپەرچدانەوەی بیدعەکاران

1- هەڵویستی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە بیدعەکاران:

بەردەوام ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەرپەرچی بیدعەکاران دەدەنەوە وە نکۆڵیان لە سەر دەکەن و ڕێگریان لێ دەکەن لە ئەنجامدانی ، ئەمەش چەند نموونەیەك:

ا-(ام الدرادء) فەرموویەتی : (ابو الدرداء ) بە تووڕەیی هاتە لام و ، وتم: چیت بە سەر هاتووە؟ وتی: سوێند بە خوا بە هیچ شتێکیان ئاشنا نیم لەوەی کە لە ئایینی موحەممەددا هەیە جگە لەوەی کە نوێژ دەکەن) رواه البخاری.

ب-عومەری کوڕی یەحیا دەڵێت: گویم لە باوکم بوو، لە باوکی خۆیەوە دەیگێڕایەوە، وتی پێش نوێژی نیوەڕۆ لە دەرگای عەبدوڵڵێی کوڕی مەسعود دادەنیشتین، کە لە ماڵ دەردەچوو لەگەڵێدا دەردەچووین بۆ مزگەوت، ئەبو موسای ئەشعەری هاتە لامان و فەرمووی: ئایا هێشتا باوکی عەبدوڕڕەحمان دەرنەچووە بۆ لاتان؟ وتمان نەخێر ، ئیتر لەگەڵمان دانیشت تاکو ئەو لەماڵ دەرچوو ، ئەوسا هەمووومان هەستاین ، وتی: ئەی باوکی عەبدوڕڕەحمان ،

کەمێك پێش ئیستا لە مزگەوتدا شتێکم بینی نکۆڵیم لێ کرد، سوپاس بۆ خوا جگە لە چاکە هیچی ترم نەبینی، وتی: ئەو شتە چی بوو؟ وتی: گەر تەمەن بوارت بدات دەیبینی، وتی: لە مزگەوتدا خەڵکانێکم بینی چەند بازنەیان بەستبوو چاوەڕوانی نوێژیان دەکرد، لە هەموو بازنەیەکدا پیاوێك هەبوو، وردە بەردیان لە دەستدا بوو، دەیووت: سەد جار بڵێن: (الله اکبر) ئەوانیش سەد جار دەیانووت (الله اکبر) ، دەیووت: سەد جار بڵێن : ( لا الله الا الله) ئەوانیش وایان دەوت: سەد جار بڵێن (سبحان الله) ئەوانیش وایاندەوت، فەرمووی ئەی تۆ چیت پێ وتن؟ وتی: هیچم پێ نەوتن چاوەڕوانی بۆچوون و فەرمانی تۆ بووم، فەرمووی :ئایا بۆچی فەرمانت پێنەکردن تاوانەکانیان بژمێرن و دەستەبەری ئەوش بووایەیت بۆیان کە چاکەکانیان  بە زایە نەچێت؟

ئینجا بەرێکەوت و ئیمەیش لەگەڵیدا رۆیشتین و چووە لای یەکێك لەو بازنانە و پێی وتن: ئەوە چیە ئەیبینم دەیکەن؟ وتیان ئەی باوکی عەبدورڕەحمان وردە بەردە تەسبیحاتی پێ دەکەین ، فەرمووی: ئەی تاوانەکانتان بۆ ناژمێرن؟ من دەستەبەری ئەوەم هیچ لە چاکەکانتان بەزایە نەچێت، هاوار بۆ ئێوە ئەی ئوممەتی موحەممەد، چەند بە پەلە تیادەچن، هاوەڵێن هێشتا لە ژیاندان ، ئەوە

جل و بەرگی پێغەمبەرە کەتانە هێشتا لە نێو نەچووە، ئەوە قاپ و دەفرەکانیەتی هێشتا نەشکاون، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە: ئێوە دیارە لە سەر رێبازێکن چاکتر لە رێبازی موحەمەد صلی الله علیه وسلم ، یان ئەوەیە ئێوە خەریکن دەرگایەکی گومڕایی والێ دەکەن ، وتیان : ئەی باوکی عەبدورڕەحمان تەنها مەبەستمان چاکە بوو، فەرمووی: چەندین کەس مەبەستیان چاکەیە و مەبەستەکەیان ناپێکن! پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆی گێراینەوە کە خەڵکانێك قورئان دەخوێنن لەگەروویان تێناپەرێت، سوێند بە خوا وا بزانم ئەوانە لە ئێوەن، ئینجا پشتی تێکردن و بە جێی هێشتن ، عومەری کوڕی سەلەمە وتی: زوربەی ئەوانەمان بینی لە رۆژی نەهرەواندا لەگەڵ خەواریجەکاندا لە دژمان دەجەنگین.

ج-پیاوێك هاتە لای پێشەوا مالیکی کوڕلی ئەنەس رەحمەتی خوای لێبێت ، وتی: لە کوێوە ئیحرام بکەم؟ فەرمووی : لەو جێگەی کە پێغەمبەر ێلی الله علیه وسلم ئیحرامی کردووە و دیاریکردووە ، پیاوکە وتی: ئەگەر لە شوێنێکی دوورترەوە ئیحرامم کرد، مالیك وتی: پێم باش نییە، پیاوەکە وتی : چیت لەو کارە پێ ناخۆشە، وتی: دەترسم تووشی لە خشتەچوون وفیتنە ببیت، ئەویش

وتی: چی فیتنەیەك هەیە لەوەی چاكە زۆرتر بكەیتەوە ، مالیك وتی: خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾النور 63.

فیتنە چی بێت لەوە گەورەتر كە تۆ تایبەت كرابیت بە چاكەیەك پێغەمبەری خوا ێلی الله علیه وسلم پێی تایبەتمەند نەكرابیت.

ئەمانە نموونە بوون، زانایانیش هەمیشە و لە هەموو سەردەمێكدا هەر نكۆڵییان لە بیدعەكاران كردووە سوپاس بۆ خوا.

2-رێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە بەرپەرچدانەوەی بیدعەكاراندا:رێبازێیان لەو بارەوە پشت دەبەستێت بە قورئان و سوننەت، كە لە راستیدا رێبازێكی سەركوتكەرە ، گومانەكانی ئەوان دەهێنن و هەڵیدەوەشێننەوە بە ڵگەش لە قورئان و فەرموودەوە دهێننەوە وە سەبارەت بە گرنگی دەستگرتن بە قورئان و سوننەتەوە ،هەروەها نەهی كردن لە بیدعەو داهێنراوەكان، كتێبیكی زۆریشیان لەو بارەوە نووسیوە ، كە تێیدا هەڵساون بە بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕی شیعە و خەواریج و جەهمیە و موعتەزیلەو

ئەشعەرییەکان، لە بورای بنچینەکانی ئیمان و عەقیدە و نووسراوی تایبەتیان لەو بارەوە داناوە ، هەروەها پێشەوا ئەحمەد کتێبێکی لە سەرکوتکردنەوەی جەهمیەکاندا داناوە ، پێشەوایانی تریش بە هەمان شێوە وەکو (عثمان بن سعید الدرامی) و کتێبەکانی (ابن تیمیه) و (ابن القیم) و (محمد بن عبد الوهاب) و کەسانی تر، ئەوانیش هەڵساون بە بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە تاقم و کۆمەڵێنە و گۆڕ پەرست و سۆفییەکان، سەبارەت بە کتێبی تایبەت بە سەر کوتکردنەوەی بیدعەکارانەوە زۆرن، نموونەی کتێبە دێرینەکان:

1 - كتاب الاعتصام للإمام الشاطبي .

2 - كتاب اقتضاء الصراط المستقيم لشيخ الإسلام ابن تيمية ، ئەم کتێبە زۆرێکی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەهلی بیدعە تەرخان کراوە.

3 - كتاب إنكار الحوادث والبدع لابن وضّاح .

4 - كتاب الحوادث والبدع للطرطوشي .

5 - كتاب الباعث على إنكار البدع والحوادث لأبي شامة .

ئەمەش چەند کتێبێکی هاوچەرخە:

1 - كتاب الإبداع في مضار الابتداع للشيخ علي محفوظ .

2 - كتاب السنن والمبتدعات المتعلقة بالأذكار والصلوات للشيخ محمد بن أحمد الشقيري الحوامدي .

3 - رسالة التحذير من البدع للشيخ عبد العزيز بن باز .

بە بەردەوامیش –سوپاس بۆ خوا- موسڵمانان هەر نكۆڵی دەكەن و وەڵێمی بیدعەكاران دەدەنەوە لە رێگەی رۆژنامە و گۆڤار و ئێزگە و وتارەكانی هەینی و كوڕ و وانەكاندا ، ئەوەش بێ گومان كارێگەری زۆری هەیە لە وریا كردنەوەی موسڵمانان و نەهێشتنی بیدعە و سەركوتكردنەوەی بیدعەكاران.

سەرچاوە: كتاب عقيدة التوحيد/ د. صالح بن فوزان الفوزان .